# لە هاوەڵەکەی (شوان زەندیق)ەوە ـ بۆ خالید بازیانی ...  ئەم ساڵ هاوینی سلێمانی گەرمە

Danyar

ئەکرێت بڵێم من نە خوێنەری کوردستان پۆستم وە نە خوێنەری کوردستان نێت بەڵکو هەندێ جار گەر لەسەر هەندێک بابەت ئاگادارم بکەن سەردانیان ئەکەم و دەیان خوێنمەوە،  لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆ هەردوو بەڕێوەبەرانی دوو ماڵپەڕەکە لەگەڵ خوێنەرەکانیشیان . ئەگەر چی بابەتەکەی کاک شوان بڵاوکرایەوە و من ڕەزامەند بووم لێی و ئەم وەڵامەی بەڕێزخالید بازیانی هەر کاک شوان ئاگاداری کردمەوە بۆیە ئارەزووم کرد خۆم ئەم جارە وەڵامی بدەمەوە چونکە وا دیارە دەرک بە ڕاستییەکان ناکات.

من خۆشحاڵ بووم کاتێک گەڕامەوە کوردستان و لێی پەشیمان نیم و کاتێک گەڕایشمەوە هەرچەندە تووشی هەندێک بێزاری هاتم بەڵام هەرگیز ئامادەنیم وەک بەڕێزت دوو کەس بە دوژمنی کورد بزانم لەسەر باسێک کە تەنها ڕەخنەیەکی درووستکەر بێت و مەبەست تەنها بەرەو باشتر بوون بوو .
ئەگەر لەسەرەتاوە دەست پێ بکەم ئەوە پێت ئەڵێم کەسەردێڕی بابەتەکەت زۆر هەڵەیە چونکە گەر بابەتەکەی کاک شوان بخوێنیتەوە ئەوە ئەزانیت چی تێدا نووسراوە ، گەرچی نەتتوانیوە باش بیخوێنیتەوە ، چونکە کەسی وەک تۆ (خالید) تەنها پیا هەڵدان ئەزانێت و داپۆشینی گەندەڵییەکان .
ئەبوایە وەڵامەکەت لە کوردستان پۆست بڵاو بکردایەوە نەک لە کوردستان نێت ، بۆیە منیش هەر لێرە وەڵامت ئەدەمەوە ، ئەم شێوەیەی تۆ بەڕێز (خالید) وەک ئەوەیە بچی زەمی کەسێک لە لای کەسێکی تر بکەیت .
لە وەڵامەکەت بۆم دەرکەوت کە لە گوێی گادا نووستوی وە بێ ئاگایت وە یان ئەتەوێت ماستاوی خەستوخۆڵی پڕ سەهۆڵ بگریتەوە چونکە ئەمساڵ هاوینەکەی زۆر گەرمە ئەگینا ئەم هەموو هاشووهوشەت لە چی؟.. ئەوەی کە من بۆ بەڕێز کاک شوانم باس کردووە ڕاستییەکەو ڕێگری لێ ناکرێت لە دەربڕینی چونکە من خۆم خاوەن بەسەرهاتەکەم.
بە هیچ شێوەیەک نووسراوەکەی کاک شوان پەیوەندی نێوان فرۆکەخانەو هێڵی ساوان نابەستێتەوە بە یەکەوە و هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز بە کەمتەرخەم ئەزانێت . کاک شوان بابەتەکەی پوخت کردۆتەوە ئەگینا باسی تر زۆرە بکرێت. باشە بەڕێز خالید نەئەکرا هەندێ لە ڕاستییەکان بسەلمێنیت کە نووسراوە یان ئەوەتا تۆ ڕاستییەکان نابینیت ... گەر تەنها یەک ڕاستیت بدرکاندایە لە نووسراوەکەی کاک شوان من وەڵامم نەئەدایتەوە هەرچەندە ئەمەش دوا وەڵامە بۆ تۆ ، چونکە بەسەربردنی کات بۆ وەڵامدانەوەی تۆ  بەگەڕ بخرێت بۆ کارێکی باشتر لەوە چاکترە .  هیچ نەبێت سەرەتای وەڵامەکەت با پەیوەندی بە بابەتەکەی کاک شوانەوە هەبوایە .
ئەگەر ئەڵێی ئەو برادەرە ناوی خۆی نەبردووە  ئەوە من پێت ئەڵێم  : من لە هیچ سڵم نەکردۆتەوە تاوەکو ئێستا لەبڵاوکردنەوەی بابەتێک کە بە ڕەزامەندی خۆم بووە سڵ بکەمەوە چونکە دەسەڵاتدارەکانمان تا ئێستا بە تۆشەوە بەڕێز (خالید) نەگەیشتوونەتە ڕادەیەک کە ئازادی تاکە کەسی ڕێز لێ بگرن و دان بە ڕاستییەکاندا بنێن .
بەڕێز خالید لە کام فڕۆکەخانە بینیوتە بە میوننشیشەوە کە خەڵکی لە ناخۆشترین حاڵەتدا بێت کاتێک سەفەر ئەکات ؟ لە چ شوێنێکدا بینیوتە کە پێت بووترێت برۆ پاسپۆرتەکەت لای کابتنی فرۆکەکە وەرگرەوە؟ (ماڵی بەرپرسی هێڵی ساوان ئاوا بێت کە پاسەکەمی وەرگرتەوە دای پێم ئەگینا ئەبوایە لە سوید ئێستا دەست بەسر بوومایە، چونکە لێیان ئەپرسیم چۆن هاتیت بۆ سوید؟ بە قاچاخیان ئەزانیم) ، لە کام فرۆکەخانەی  شارێک بیستووتە کە داوای ئەوەت لێ بکرێت هەویەی ترت پێیە لە جیاتی پاسپۆرت؟ یان پشکنین بکرێت لەسەر  کارتی بانک؟  ، ئەو کوردەی کە لە سویدەوە هاتبوو پرسیاریان لێی کردو تۆ لێرە باسی ئەکەیت ئایا لێیان پرسی تۆ سویدی ئەزانیت، ئەگەر ئەزانیت بە سویدی قسە بکە؟

لە کۆتاییدا ئەوەندەت پێ ئەڵێم کە شتت نووسی یان وەڵامدەر بوویت هەوڵ بدە ڕاستیەکان ببینە و دانیان پێدا بنێ وە بزانە لە کوێ وەڵام ئەدەیتەوە و سەردێڕی بابەتەکەشت با لە جێی خۆی بێت .